حکومەتی هەرێم تا ئێستا تەنانەت یەک دینار لە داهاتی دەروازە سنووریيەکانی خۆی وەدەستی بەغدا نەکردووە



عەلی تورکی ئەلجەمالی، نوێنەری بزووتنەوەی سادقوون لە پەرلەمانی عێراق جەخت لەسەر ئەوەی کردەوە کە حکومەتی هەرێم تا ئێستا تەنانەت یەک دینار لە داهاتی دەروازە سنووریيەکانی خۆی وەدەستی بەغدا نەکردووە، دەشڵێت: هەرێمی کوردستان بەشکی زۆر لە بودجەی پارێزگای بەسرە و بودجەی گشتی عێراق دەبات ئەوەش دەیسەلمێنێت کە پەیوەندی هەوڵەر لەگەڵ بەغدا لەسەر بڕڕەوێندی ئابووری دانراوە.

وتیشی: سەرەڕای ئەو دارایيەی کە حکومەتی هەرێم لە بودجەی عێراق بەتاڵانی دەبات، هاووڵاتیانی کورد بەهەی وەرنەگرتنی مووچەکانیان لە ژێر هەڕەشەی هێزاری ژیان دەکەن.